## ناونیشانی توێژینەوە: پێوانەکردنی ئاستی دەمارگیریی لای خوێندکارانی زانکۆ

## (توێژینەوەیەکی ڕووپێویی مەیدانیی بەراوردکاریە، لای خوێندکارانی زانکۆی ڕاپەرین و چەرموو)


م.د. زانا عثمان محمد
زانکۆی چەرموو کۆلێژی پەروەردە و زمان
zana.othman@charmouniversity.org

م.ی. ویژدان نورالدین نجم الدین
پەیمانگای ڕاهێنان و گەشەپێدانی مامۆستایان
wezhdann@gmail.com



### پوختەی توێژینەوە

**دەمارگیریی دیاردەیەکی ئاڵۆزە و لە ئەنجامی کۆمەڵێك فاکتەری جیاواز و کارلێککردو سەرهەڵدەدات، دەبێت بە مۆرك و بەشێك لە بەها و ئاڕاستەی بیرکردنەوەو هەڵچوونی تاکەکەس، کۆمەڵێك هۆکاری مێژوویی و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی هەوێنی دروستبوون و گەشەکردنی دەمارگیریین، شوێنەوارەکانی دەمارگیریی بە هەموو جۆرەکانییەوە (نەتەوەیی، ئاینی، ناوچەیی، کۆمەڵایەتی، ڕەگەزیی، ....) لە مێژووی دوور و نزیکی ناوچەکە بە گشتیی بە ڕوونیی دەبینرێت، بە تایبەتی دەمارگیریی نەتەوەیی، کە بەردەوام لە گەشە کردندایە، کە لە شێوەی توندوتیژیی و تۆقاندن و پاکتاوکردن و سەرکوتکردنی یەکدی و بڕوانەبوون بە پێکەوەژیان دەردەکەوێت. بەم شێوەیە دەمارگیریی، یەکێکە لە کێشە هەرە گەورەکان، کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگە دەبێتەوە.**

**خوێندکارانی زانکۆ، وەك یەکێك لە توێژەکانی کۆمەڵگە لەم دیاردەیە دابڕاو نین، زۆرجار و بە شێوەی جیاواز لە ناوەندەکانی زانکۆدا ئەم دیاردەیە دەبینرێت، هەرئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی توێژینەوەیەك لەسەر ئەم دیاردەیە ئەنجامبدەین، تا بەشێوەیەکی زانستیی، پێوانەی دەمارگیریی لای خوێندکارانی زانکۆ بکەین، تاکو بتوانین لە ڕێگەی پێشکەشکردنی کۆمەڵێك پێشنیارو ڕاسپاردەوە، ئەم دیاردەیە کەمبکرێتەوە.**

**ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، پێوانەی ئاستی دەمارگیرییە لای خوێندکارانی زانکۆی ڕاپەرین و چەرموو، هەروەها زانینی جیاوازی ئاماریی لە ئاستی دەمارگیریی بەپێی گۆڕاوی جیاوازی زانکۆ و گۆڕاوی ڕەگەزی (کوڕ و کچ).**

**توێژەران لەم توێژینەوەیەدا، میتۆدی پەسنیی/وەسفیی ڕووپێویی مەیدانییان بەکارهێناوە، چونکە لەگەڵ سروشتی ئەم توێژینەوەیەدا گونجاوە، نمونەی توێژینەوەکە لە (200) خوێندکاری قۆناغی دوو و چوار، کە لە(100) کوڕ و (100) کچن پێکهاتووە، ئەمەش لە کۆی گشتی (717) خوێندکاری کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتیی زانکۆی ڕاپەڕین و (391) خوێندکار کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی چەرموو، ئامرازی توێژینەوەکە ئامادەکراوە، کە لە (26) بڕگە پێکهاتووە لە شێوەی کۆتاییدا، هاوکات تایبەتمەندیی سایکۆمەتری (ڕاستیی و نەگۆڕیی) ئامرازەکە، بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی ئامارکردن دەرهێنراوە.**

له شیكردنه‌وه و خستنه‌ڕووی ئه‌نجامه‌كاندا، ئامرازی ئاماریی (t-test) به‌كارهاتووه، له پاش شیكاركردنی ئه‌نجامه‌كان ئه‌وه‌مان بۆ ده‌ركه‌وت، كه ناوه‌ندی ژمێره‌یی وه‌ڵامی خوێندكاران، یه‌كسانه به (53.6) پاش به‌راوردكردنی به ناوه‌ندی گریمانه‌یی، پێوه‌ره سێ ڕه‌هه‌ندییه‌كه یه‌كسانه به (52)، ده‌ركه‌وت كه ناوه‌ندی ژمێره‌یی گه‌وره‌تره له ناوه‌ندی گریمانه‌یی، پاشان (تا)ی هه‌ژماركراو یه‌كسانه به (5.81)، به‌راوردمانكرد به (تا)ی خشته‌یی، كه یه‌كسانه به (1.160)، به نمره‌ی ئازادی (199) له ئاستی (0.05)، به هه‌مانشێوه ده‌رده‌كه‌وێت، كه (تا)ی هه‌ژماركراو گه‌وره‌تره له (تا)ی خشته‌یی، ئه‌مه‌ش مانای وایه ده‌مارگیریی ناوچه‌یی، لای به‌شداربووانی توێژینه‌وه‌كه بوونی هه‌یه و مانادار‌ه.

هه‌رچی ئامانجی دووه‌می توێژینه‌وه‌كه‌یه، كه تایبه‌ت بوو به گۆڕاوی ڕه‌گه‌ز (نێر و مێ)، ئه‌وا ده‌ركه‌وت، كه جیاوازیی ئاماری واتادار له ئاستی (0.05) بونی نییه.

هه‌رچی ئامانجی سێیه‌می توێژینه‌وه‌كه‌یه، كه تایبه‌ت بوو به گۆڕاوی جیاوازی زانكۆ، ئه‌وا ده‌ركه‌وت، كه جیاوازیی ئاماری واتادار له ئاستی (0.05) بونی نییه.

له‌به‌ر ڕۆشنایی ئه‌نجامه‌كانی توێژینه‌وه‌كه‌دا، چه‌ند ڕاسپارده و پێشنیارێك خراونه‌ته‌ڕوو، كه بریتین له: ئه‌نجامدانی خول و سمیناری به‌رده‌وام بۆ كه‌مكردنه‌وه‌ی هه‌ستی ده‌مارگیریی لای خوێندكارانی زانكۆ، هه‌روه‌ها كاركردن له‌سه‌ر به‌رنامه و پرۆگرامی ده‌زگاكانی ڕاگه‌یاندن، بۆ دانانی به‌رنامه‌یه‌كی تایبه‌ت به هۆشیاركردنه‌وه‌ی تاكه‌كان، له‌سه‌ر شوێنه‌واره خراپه‌كانی دیارده‌ی ده‌مارگیریی.

**كلیله** وشه: ده‌مارگیری ، خوێندكاری زانكۆ

## كیشه‌ی توێژینه‌وه‌كه: Reaserch problem

ده‌مارگیری دیارده‌یه‌كی كۆمه‌ڵایه‌تی كۆن و پڕ مه‌ترسیه، له چه‌ندین شێوه و وێنه‌ی جیاوازدا ده‌رده‌كه‌وێت، كه‌له‌سه‌ر بنه‌مای به‌كه‌م بینین و ڕسواكردنی كه‌سی به‌رامبه‌ر و بڕوانه‌بوون به مافه‌كانی بنیاتده‌نرێت، هه‌روه‌ها ده‌مارگیری كێشه‌یه‌كی كۆمه‌ڵایه‌تیه و ده‌بێته هۆی دروستبونی ڕق و كینه له نێو په‌یوه‌ندیه كۆمه‌ڵایه‌تی و كه‌سیه‌كاندا، ده‌بێته هۆی ناچاركردن به كۆچپێكردن و ڕاوه‌دونان له ماڵ ناوچه‌كانیان، له هه‌ندێك ئاستی توندا سه‌رده‌كێشێت بۆ كۆمه‌ڵكوژی و له‌ناوبردنی به‌كۆمه‌ڵ.

له وڵاتانی ناوچه‌كه به‌گشتی و عێراق وكوردستان به‌تایبه‌تی، به هۆی ئه‌و بارودۆخه سیاسی و نه‌ته‌وه‌ی و ئاینی و مه‌زهه‌بی و فكریه‌ی كه هه‌یه دیارده‌ی ده‌ماگیری زۆر به‌هێز ده‌رده‌كه‌وێت و ده‌بینرێت، ئه‌مه‌ش كاریگه‌ربوه به‌و گۆڕانكایه سیاسی و ئابوری و كۆمه‌ڵایه‌تی و ڕۆشنبیریه‌ی كه‌له سه‌ره‌تاكانی سه‌ده‌ی بیست ویه‌كدا ڕویانداوه، هه‌روه‌ها بێبه‌ش نه‌بوه له‌و كێشانه كه‌له‌ده‌ره‌نجامی گۆڕانكاریه‌كان سه‌ریانهه‌ڵداوه، سه‌رباری ئه‌مان دۆخی ناسه‌قامگیری وڵات و لاوازی ده‌وڵه‌ت، هه‌موو

ئەوانە بونە بەهۆی دروستبونی جۆرێك لەبیركردنەوە و ڕەفتار كە بەشێكی خۆی لە دەمارگیریدا دەبینێتەوە، دیارە ئەم دیاردەیە لە نێو هەموو چین و توێژەكانی كۆمەڵگەدا بە شێوەیەكی بەهێز دەركەوتوە لە نێویشیاندا خوێندكارانی زانكۆ.

دەمارگیری ناوچەیی یەكێكە لە شێوەكانی پەسەندكراوەكانی دەمارگیری لای كۆمەڵگە، زۆر لەمێژە یەكێك لەباسەكانی نێو كەلتوری نەتەوەكانی ناوچەكە مەسەلەی دەمارگیری ناوچەیی بوە، ناوچەیی بوون یەكێك بووە لە ڕێكخستنە كۆمەڵایەتییەكان كە چەند گروپێكی ناوچەیی لە خۆدەگرێت، وەك: عەشیرەت و تیرە و هۆز. دیارە گە هۆز لە ناوچەیەكی دیاریكراودا نیشتەجێن، و لە نێویاندا زمان و ڕۆشنبیری هاوبەش هەیە، و هەستێكی بەهێزی هاوكاری و یەكبونیان هەیە كە پشتبەستە بە كۆمەلێك بەهای سەرەتایی (غیث، 1988)

هەستكردن بەكێشەی توێژینەوەكە و هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەسەر دەمارگیری ناوچەیی لای خوێندكارانی زانكۆ لە ڕێگەی تێبینیكردنی كۆمەلێك ڕەفتاری دەمارگیریانەوە بووە، كە زۆرجار لە ڕێگەی بەكار هێنانی وشەی توندوتیژ و شكاندنەوەی یەكدی، ململانێی ناوچەگەری. ئەمش پاڵنەرێكی بوو بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەكە.

لەم ڕووەوە هەریەك لە ( الكبیسی و موسی، 2018) ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە، ئەوەی تێبینی دەكرێت و هەستی پێدەكرێت دەماگیری لە نێو زانكۆكان دیاردەیەكی ئاشكرایە و لە كارلێكی ڕۆژانەی نێوان خوێندكاراندا لە گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوەكاندا هەستی قبوڵنەكردنی یەكدی بە ئاشكرا دەبینرێت، و لایەنگری و دۆگمابوون لەسەر بیر و بۆچونەكان هەیە هەریەك بە ئاراستەی گروپی و لایەنی خۆی دەیبات، زۆربەكەمی توانای جیاوازیكردنیان هەیە لە نێوان لایەنگریكردن و مەنتق دا، لە نێوان بۆچون و واقعدا، هاوكات شیكردنەوەی زانستی و دروستی ڕوداوەكان و بیرۆكەكان و كەسایەتیەكان پەسەندناكەن، یاخود شیكردنەوەیەكی بابەتیانە و سەبەبیانە بەلاوە گرنگ نیە، بە جۆریك بیروباوەڕو بۆچونیان چەسپیوە و دارای گۆڕانكاریكردنی نیە، ئەمەش سەردەكێشێت بۆ دەمارگیری و قبوڵنەكردنی یەكدی دژایەتی یەكدی كردن.

لە توێژینەوەی هەریەك لە (دراینە، 2003) و ( عفیفی ، 2002) و ( سرمك، 1998) كە ئامانجیان زانینی دیاردەی دەماركیریی بوە لای خوێندكارانی زانكۆ، بەگشتی ئەنجامەكان ئەوە دەردەخەن كە دەمارگیری بە شیوە جۆراوجۆرەكانیەوە لە ئاستێكی بەرزدایە، بەتایبەتی لای كوڕان.

لەگەڵ هەموو ئەوانەی باسكرا توێژەران وایدەبینن كە دەمارگیری لە خوێندكاریك بۆ خوێندكارێكی دی جیاوازە، چونكە دەرەنجامی كۆمەلێك فاكتەری وەك: پەروەردە و ڕۆشنبیری و تێكەلاوبوون و بونی دادپەروەریە، لای هەندێك زیدەڕەوی زۆر تێدا دەكرێت، هەندێكی كەمتر ئەم

دیاردەییەی تێدایە، لەهەموو حاڵەتیکدا بە ئاراستەی سلبی و ڕقلێبونەوە دەڕوات، دەبێتە هۆی لاواز بونی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان،

لەسەر بنەمای ئەوە باسکرا، کێشەی توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم دوو پرسیارە بداتەوە:

- ئاستی دەمارگیری لای لە خوێندکارانی زانکۆ چەندە؟
- ئایا جیاوازی ئاماری واتادار لە ئاستی دەمارگیری بەپێی جیاوازی ڕەگەز کوڕان و کچان) هەیە؟
- ئایا جیاوازی ئاماری واتادار لە ئاستی دەمارگیری بەپێی جیاوازی زانکۆکان بونی هەیە؟

## گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە کە لێکۆڵینەوە لە بابەتێك دەکات لە ئێستادا زیاتر بایەخی پێدەدرێت بەهۆی ئەو پەرەسەندنەی کەلەدوای گۆڕانکایە سیاسیەکانیەوە هاتۆتە کایەوە، کۆمەڵگەی عێراقی بەگشتی و کوردستانی بەتایبەت گیرۆدەی زۆر کێشەکردۆتەوە، کاریگەری لەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری کردووە.

گرنگیەکی دیکەی توێژینەوەکە لەوەدایە کە چینێکی زیندوی کۆمەڵگەی کردۆتە ئامانج ئەویش خوێندکاری زانکۆیە، دیارە خۆێندکاری زانکۆ لەهەموو کۆمەڵگاکاندا پێگەیەکی گرنگی تایبەتی هەیە. لە داهاتودا ئەوان وڵات بەڕێوە دەبەن و دەبنە هۆی پێشکەوتن و دابینکردنی ژیانێکی ئارام.

گرنگیەکی دیکە لەوەدایە کە لەم جۆرە توێژینەوانە زۆر بەکەمی ئەنجامدەدرێت ( بەپێی زانیاری توێژەران)، هاوکات بە شێوەیەکی زانستیانە پێوانەی دیاردەی دەمارگیری لای خوێندکاران دەکات لە ڕێگەی ئامرازێکی زانستیەوە.

سودێکی دیکەی بۆ وەزارەت و زانکۆکان و بەرپرسان دەبێت کەلەڕێگەی ئەنجامەکانیەوە، دەکرێت پلان و بەرنامەی تایبەتی بۆ دابرێژن، و هەوڵبدەن لە ڕێگەی کۆمەلێك پرۆگرامەوە ئەم دیاردەیە لە نێو خوێندکاراندا کەمبکەنەوە.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە

1- بنیات نانی پێوەری دەمارگیری ناوچەی لای خوێندکارانی زانکۆ.
2- زانینی ئاستی دەمارگیری لای خوێندکارانی زانکۆ بەشێوەکی گشتی.

3- زانینی ئاستی دەمارگیری ناوچەیی لای خوێندکارانی زانکۆی ڕاپەڕین و چەرموو بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.
4- زانینی ئاستی دەمارگیری ناوچەیی لای خوێندکارانی زانکۆی ڕاپەڕین و چەرموو بەپێی جیاوازی زانکۆ.

**پێناسەی چەمکەکان:**

**دەمارگیری:**

**پێناسەی ( علال، 2008)**

**بریتیە لە پشتگیری کردن و بانگەشەکردن بۆ کەسێ یا بۆ سەرخستنی دەستەو کۆمەڵەکەی، وەستان لەگەڵیاندا لەبەرامبەر ئەوانی لاوازیان دەکەن، جا کۆمەڵکەی ستەمکاربێت یا ستەملێکراو، هەروەها پارێزگاری و بەرگریان لێدەکات بە هەرشیوەیەك بێت، بە هەست و سۆز یا قسەکردن یا کردەوە.**

**پێناسەی(المعایطة، 2010)**

**دەمارگیری ئاڕاستە یان هەڵوێستێکی بێ پاساوە کە تیدا تاك هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە هەست پێکردنی بە شێوەیەکی لایەنگری یان دژایەتی بۆ کۆمەڵکی دیاری کراو.**

**پێناسەی (عزیز، 2014)**

**بڕیارێکی پێشوەختە، یا ئاراستەیەکە لە ڕوانگەیدا کۆمەڵە کەسێك بەباشتر دەزانرێت دژی کۆمەڵێکی تر بە مەبەستی کەم کردنەوەی ئەندامانی ئەو کۆمەڵە.**

**پێناسەی ( روشدی، 2015)**

**نەخۆشییەکی دەروونییە، سەرچاوەی کەرب و کینەیە، نەشونمای تەندروستی سایکولوجیی مرۆۋ گرفتار دەکات، کەسانی دەمارگرژ، خاوەنی کەسایەتیی ئاڵوز و ناجێگیرن هەروەها ئاراستەیەکی نەرێنییا هەیە، ناکۆکییەکان گرژتر و مەترسیدارتر دەکەن، لە ئاستی پەسندکردنی راستییەکاندا کورتبینی بەرهەم دێنێ و ئاوەژوویاندەکاتەوە لە چوارچێوەی دۆزینەوەی چارەسەری بۆ ئاریشەکان لادەرن لە بەکارەێنانی لوژیکی دانوستان، کەموکوڕییەکانت بیخەیتە پاڵ خەڵکی دیکە و خوت بە نەبانی و پارێزراو پیشان بدەیت.**

**پێناسەی (الجبوری، 2015)**

**بریتیە لە بڕیاردانی ناتەندروست بێ بەڵگە تێکەڵ بە هەستێکی دەرونی نەرێنی بەرامبەر گروپێك، یاخود کەسێکی دیاریکراو لەبەر ئەوەی ئەندلمێکی ئەو گروپەیە، ئەو بریارە لەسەر بنەمای کۆمەلێك بیروباووەڕ یا وێناکردنی تایبەتە یا گشتگیرکردنێکی بیسنورە.**

**پێناسەی ( ئالووسی، 2015)**

**دەمارگیری: بریتییە لە توندڕەوی و زێدەڕەوی لە مەیلێکدا بەرامبەر بە کارێك، دەمارگیریی زمانی تووڕەییە کە مانای وایە مرۆڤ داوای پشتیوانی بکات بۆ ئەو تاقم و کەسانەی خۆیان پێ دەپارێزێت و بەمەش لەگەڵیاندا یەکدەگرێت بۆ لێدانی نەیارانی لە ستەمکار و ستەملێکراوان.**

**لەبەر ڕۆشنایی پێناسەکانی پێشوو توێژەران پێنایەی دەمارگیری دەکەن بەوەی کە:**

**بریتیە لە بارێکی سایکۆلۆژی کە ڕەفتار و هەڵوسوکەوتی تاکەکەس ئاراستە دەکات و بە شێوەیەکی نا ئەقلانی هەڵسوکەوت دەکەن و بڕیاری پێشوەختە دەدەن لەسەر دیاردەو شتەکان بە هەست وسۆز یا قسەکردن یا کردەوە، بە لەگەڵ بوون یا دژوەستان.**

<u>**پێناسەی کارڕایی:**</u>

**ئەو نمرەیە کە خوێنکارانی زانکۆی ڕاپەڕین و چەرموو بەدەستی دەهێنن لەڕێگەی وەلامدانەوەی بڕگەکانی پێوەری دەمارگیری کە لەم توێژینەوەیەدا جێبەجێکراوە.**

## **پێشینەیەکی تیۆری:**

### **پێکهاتەکانی دەمارگیری:**

**بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە دەمارگیری سێ پێکهێنەری هەیە: ئەوانیش پێهینەری مەعریفی و هەڵچونی و ڕەفتارییە.**

1- **پێکهێنەری مەعریفی: بیرکردنەوەیە لە قالبی ئامادەکراودا، یاخود ئەو هۆشیاری و درکپێکردن و بیروباوەڕ و پێشبینیانە دەگرێتەوە کەلە بیرو هۆشی کەسی دەمارگیردا هەیە بەرەوڕوی بەرامبەرەکەی، زۆربەی کات بەشێوەیەکی لە قالبدراوە، بەجۆرێك وێنایەکی کەسی بەرامبەر یا گروپی بەرامبەری لا دروست دەبێت لە ڕێگەی ڕەفتاری خۆیەوە یا گروپەکەی خۆیەوە، پاشان گشتاندنی بۆدەکات بۆ هەموو ئەندامانی بەرامبەر.( المعایطة، 2010)**

2- پێکهێنەری هەڵچونی و هەست و سۆز: یەکێکە لە پێکهێنەرە بنچینەیەکانی دەمارگیری، ئەوەش هەستە نەرێنیەکان دەگرێتەوە، وەك بەکەمبینین و ترس و ئێرەیی ە ڕقلێبونەوە، لەبەر ئەوە هەندێك لە توێژەران گریمانەی ئەوەدەکەن کە لێکۆڵینەوەی تێڕوانین و ئاراستەکان لە واقعدا لێکۆڵینەوەی هەست و سۆز و هەڵچونەکانە، لەگەڵە یا دژی بابەتێکی دیاریکراوە، پەسەندکراوە یا پەسەند نەکراوە بەم جۆرە.( (عبدالله، 1989)

3- پێکهێنەری ڕەفتاری: جیاکاریکردن یاخود پەیڕەوکردن و هەڵوێستوەرگرتنی کردارەکیە کە کەسی دەمارگیر دەیگرێتەبەر دژ بەوانی دیکە، ئەو یش بە دابڕان و خۆبەدورکرتن دەستپێدەکات ئەنجا بۆ جیاکاریکردنی زیانبەخش، بەجۆرێك کەسی دەمارگیر هەوڵی بێبەشکردنی بەرامبەرەکەی دەدات لەو ماف و امتیازانەی هەیەتی تاکو دەگات بە رەفتاری توندوتیژ کە خۆیدەبینێتەوە لە ئازاردانی جەستەی و دەستگرتن بەسەر ماڵو مۆڵکدا. (المعایطة، 2010)

### فاکتەرەکانی کەدەبنە هۆکاری دەمارگیری:

چەند فاکتەرێك دەبنە هۆکاری دەمارگیری لەوانە:

یەکەم: فاکتەرە کەسیەکان " ئەوانەی ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە تاکەکەسەوە" ئەمانە دەگرێتەوە:

1- بێئومێدی و ڕق و کینە: هەندێك لە توێژینەوەکان ئەوە ڕوندوکەنەوە کە بێئومێد بوون دەبێتە هۆی دروست بونی ڕق وکینە و ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ پێکهێنانی دەمارگیری، دەشێت ئەو ڕقو کینیەیە پەیوەندیەکی مەنتقی بە دۆخی بێئومێدبونەکەوە نەبێت، بەڵام ڕەنگە ئەم ڕق وکینیەیە سەربکێشێت بۆ گروپێکی دیاریکراو، ئەمەش هەلدەڕەخسێنێت بۆ دروستبوونی ئاراستەی دەمارگیری کە پاساوی‌کەی ئەو ڕق وکینیەیە.(الاشوال، 1987)

2- پێویستیە کەسیەکان: هەندێك وایدەبینن کە دەمارگیری دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی ڕۆشنبیری، ئەمە لەسەر ئەو بنەمایەی کە پێویستیەکە تاکەکەسەو هەست دەکات دەبێت پڕبکرێتەوە، لەوانە پێویستس تاك بە ئاسایش و دڵنیای، کە ئەمەش بەدینایەت مەگەر بە دەرکردن و تێکەڵنەبوونی ئەندامانی گروپە دەرەکیەکە نەبێت، بەمەش سنوری ئارامی نێوان خۆی و ئەوانی دیکە دەپارێزێت، کە لەڕێگەی دەمارگیری و دژوەستانەوە دەبێت. (سلامە، عبد الغفار، 1994)

3- مۆرکی دەسەڵاتخوازی: بەهاکانی کەسی دەڵاتخواز و ئەو ڕێگەیەی کە کاریپێدەکات، هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ پێکهێنانی دەمارگیری دژ بە گروپەکانی دەرەوەی خۆی، ئەو کەسانە بەردەوام باسی هێز و دەسەلات و سەنتەر و باڵادەستی دەکەن، گەر ئەمەی دەست نەکەوت، ئەوا دەمارگیری بەرامبەر گروپەکانی دەرەوەی خۆی دەرەچەیەك دەبێت بۆ ڕقوکینەکانی. (الاشوال، 1987)

**دووەم: فاکتەرە کۆمەڵایەتیەکان"ئەوانەی دەوری تاکەکەسیان داوە" ئەمانەن:**

1- **فاکتەری ڕۆشنبیری: تاکو تاك لەگەڵ کۆمەڵکەی بگونجێت دەبێت بەشێکی زۆری بیروباوەڕ و نەریت و بەعا و ئاراستە و پێوەرە کارپێکراوەکانی لەخۆبگرێت، بەم شێوەیە دەمارگیری دەبێتە باجی ئەو تێکەڵبونە بە کۆمەڵ وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەو بەها باوانە و ئەو ڕۆشنبیریەی کە هەیە.**

2- **فاکتەری کۆمەڵایەتی وەك:**

**أ- جیاوازی لە ڕواڵەت و شێوەدا.**

**ب-نەزانی و کەمی مەعریفە بە جەوهەر و ناوەڕۆکی ڕەگەز وجۆرەکان.**

**ت-ماملانێ لەسەر کار.**

**پ-ململانێ لەسەر پێەی کۆمەڵایەتی.**

**ج- گۆڕانی کۆمەڵایەیتی خێرا.**

**ح- بەبەنی متمانە و ترس لە بێگانە. (ابو الغالی، 1999)**

**شێوەکانی دەمارگیری.**

**1- دەمارگیری ڕەگەزپەرستانە:**

**دەمارگیری ڕەگەزپەرستانە بڵاوترین شێوەی دەمارگیریە، کە دڵنیایی دەدات لەسەر سەرکەوتنی ڕەگەزێکی دیاری کراو بەسەر ڕەگەزەکانی تردا، کە لە ویەوە هەستی ڕق لێبوونەوە و ڕەفتارە جیاوازەکانی دژی ئەو کەسانەی کە پاڵ دەدەنە پاڵ ئەم ڕەگەزە بۆماوەییە دروست دەبێت، وەك ، ئاڕاستەی دەمارگیری لەبەرامبەر ئافرەتدا، وە ئاڕاستەی دەمارگیری لەبەرامبەر پیاودا، یاخود سپی پێست بەرامبەر ڕەش پێست، یا دەمارگیری خاك و نەتەوە بەرامبەر کۆچبەران یا لە نێوان نەتەوەکان. (الدمغی، 2005)**

**2- دەمارگیری ئاینی:**

**توندودیژترین جۆرە لە مێژوودا، وە بەهۆیەوە خوێنێکی زۆر ڕژاوە، ئەویش بریتییە لە بۆچوونە جیاوازەکانی دینی، هۆزی بێت یان مەزهەبی...هتد، دەمارگیری ئاینی بریتییە لە ئاڕاستەیەکی زانیاری کە تایبەتمەندی دینی ڕەتدەکاتەوە، ئەم دەمارگیریە هەستێکی سلبیانە دروست دەکات، کە جۆرەکانی ڕق و کینە لەخۆدەگرێت کە هەنگاو دەنێت بەرەو ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هەیە بە گروپ و هۆز و ئەو مەزهەبانەی کە لەناو یەك دیندا بوونیان هەیە، یان شوێنکەوتەی دینەکانی ترن، وە لەم بیروباوەرەوە چەند هەست و ڕەفتارێك دێنە ئاراوە کە دژی ئەو گروپانەن. (عباس، 2016)**

3– دەمارگیری چینایەتی:

دەمارگیری چینایەتی لەناو هەستی چینایەتیەك هەڵدەقوڵێت، کە تایبەتمەندیەکی جیاوازی هەیە لەتەواوی کۆمەڵگاکانی تر، وە ئەم هەستەش لەئەنجامی لەخۆبایبوون و خۆ بە گەورە دانانەوە دێتە کایەوە، کە خۆی وا دەبینێت کە لەشوێنێکی بەرزترە، وە پەیوەندی چینایەتی بەشێوەیەك گەشە دەسەنێت کە دەبێتە هۆی بەرەو پێش نەچوون و ئاوێتە نەبوونی هەندێك گروپ لەگەڵ هەندێکی تردا. (الخفاجی والموسوی، 2019)

4– دەمارگیری بۆ هۆز و خێڵ:

خزمایەتی بریتییە لەپەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی کە لەسەر بنەمای پەیوەندیەکانی خوێنی ڕاستەقینە یان خەیاڵی یان دەستکرد دادەمەزرێت، وە خزمایەتی لەتێڕوانینی زانستی کۆمەڵناسی و (الأنثروبولوجیا) تەنها بەواتای پەیوەندی خێزانی نایەت، بەڵکو بەواتای ژن و ژنخوازیش دێت، کە واتا خزمایەتی بریتییە لە کۆمەڵێك پەیوەندی کۆمەڵایەتی پشت بەستوو، کە لەسەر بنەمای ڕاستی و دروستی بیولوجیە دروست دەبێت، کە بریتییە لە لەدایك بوون، وە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە کە بریتییە لە زەواجکردن. (دیلویی، 2008)

5– دەمارگیری وەرزشی:

دەمارگیری وەرزشیش لەچەند وێنەیەکدا دەردەکەوێت لەوانە هاندان و تەشجیعکردنی تیپێکی دیاری کراو، وە باوەڕی وایە کە تیپەکەی ئەو لەتەواوی تیپەکانی تر باشترە، وە هەموو ئەوکەسانەی بەلاوە پەسنترە کە لایەنگری هەمان تیپەکەی ئەون، وە لەکاتی شکسهێنانی تیپەکەیدا هەست ناخۆشی و ناڕەحەتی دەکات (ئەمە لایەنێکی دەمارگیری ئیجابیە لەبەرژەوەندی تیپەکە)، وە هەستکردن بەناخۆشی و ناڕەحەتی بردنەوەی تیپی بەرامبەر باشترین دەرئەنجامە لەلایەن ئەو تیپەی کە براوەیە، وە دروستبوونی هەستێکی ڕق لێبوونەوە بەرامبەر ئەستێرەکانی تیپی بەرامبەر، وە دروستبوون و وروژاندنی توڕەیی ئەگەر لایەنگرانی تیپە جیاوازەکان لای یەك دابنیشن لەکاتی یاریەکەدا.... هتد (لایەنێکی دەمارگیری سلبیە لەدژی تیپەکانی تر). (المغذوي، 2015)

6– دەمارگیری زانستی و فکری:

مەبەست لەم دەمارگیریە دەرکەوتنی چەند تەوژمێکی فکریە لەناو ئەو پسپۆڕە جیاوازە زانستیانەی کە بەربەرەکانی یەکتری دەکەن. وە دەرکەوتنی ئەو جووڵە فکریانە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری کامڵ نەبوونی زۆرێك لەو زانستانە لەڕووی بیردۆزی وفکریەوە کە پسۆڕان بەهۆیەوە کۆمەڵێك پرسیار وتێڕوانینیان لەدەست دەچێت دەرئەنجامەکەشی دەبێتە دروست بوونی دەمارگیری وکەنارگیری نابابەتیانە. جگە لەوەش نوێیەتی هەندێك لەو پسپۆڕیانەی کە دروست بووە لەلایەن کەسانێکەوە کە هەستێکی لەئەندازە بەدەریان هەیە لەڕووی گەشبینی

ومتمانە بوونی ئەکادیمی بەرز کە ناتوانن بەدەستی بهێنن لەبەر کەمتەرخەمی ئەو تێڕوانینەی کە هەیە بەرابەر ئەو ناخۆشی وناڕەحەتیانەی کە هێشتاش ئەزموونیان نییە دەربارەی. ئەمە سەرەڕای هەبوونی ئەو هێزە چەسپاو وپێشینە ڕۆشنبیریەی کە وەکو میرات بەجێ ماوە کە پێچەوانەیە لەسەر فکریە زانستی و فەلسەفیدا. (دیلویی، 2008)

**میتۆدی توێژینەوەکە و ڕێککاری ئەنجامدانی:**

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا توێژەران میتۆدی وەسفیکاری و بەراورد بەکارهێنراوە، کە ئەم میتۆدە بایەخ بە وەسفکردنی دیاردەکە دەدات وەك ئەوەی کە هەیە و لەبەر دەستە، سەرەڕای ئەوەی ئەم میتۆدە دیارترین ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستە مرۆی و کۆمەڵایەتیەکانە، کە جەخت لەسەر دیاردە و ڕوداوەکانی ئێستا دەکەنەوە، واتا هەر دیاردەیەك کە لەئێستای ژیانی تاك و گروپ و کۆمەڵگەدا بوونی هەبێت و هەنووکەی و بەرقەرار بێت. (بۆکانی، 2016)

**کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەخوێندکارانی خوێندنی بەکالوریوس لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی ڕاپەرین قۆناغی دوو و چوار ژمارەیان (717) وەك لە خشتەی (1)دا خراوەتەڕوو، خوێندکارە و خوێندکارانی کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی چەرموو قۆناغی دوو و چوار ژمارەیان ( 391 ) خوێندکارە کە وەك لە خشتەی (2)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (1) خوێندکارانی قۆناغی دووەم و چوارەم کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆر ڕاپەڕین**

| بەش | قۆناغی دووەم | | قۆناغی چوارەم | | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| | ڕەگەز | | بەش | ڕەگەز | |
| | نێر | مێ | نێر | مێ | |
| کوردیی | ٠ | ٠ | ٢٧ | ٢٩ | ٥٦ |
| عەرەبی | ٢ | ٨ | ٢٨ | ٤٣ | ٨١ |
| بیرکاری | ٣٢ | ٨١ | ٣١ | ٦١ | ٢٠٥ |
| کۆمپیوتەر | ٣٢ | ٤٦ | ٢٨ | ٣٠ | ١٣٦ |
| ئینگلیزی | ١٣ | ٣٧ | ٨ | ٢٢ | ٨٠ |
| باخچە | ٣ | ٦٦ | ٧ | ٨٣ | ١٥٩ |
| کۆ | ٨٢ | ٢٣٨ | ١٢٩ | ٢٦٨ | ٧١٧ |

خشتەی (2) خوێندکارانی قۆناغی دووەم و چوارەم کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی چەرموو

| بەش | قۆناغی دووەم | | قۆناغی چوارەم | | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| | ڕەگەز | | بەش | ڕەگەز | |
| | نێر | مێ | نێر | مێ | |
| پەروەردەی تایبەت | ٦ | ٥١ | ٤ | ٣٠ | ٩١ |
| کوردیی | ٥ | ٣٩ | – | – | ٤٤ |
| عەرەبی | ١٣ | ٤٥ | – | – | ٥٨ |
| ئینگلیزی | ١٨ | ٥٣ | ١٤ | ٤٢ | ١٢٧ |
| زانستە گشتیەکان | ٥ | ٣١ | ١٠ | ٢٥ | ٧١ |
| کۆ | ٤٧ | ٢١٩ | ٢٨ | ٩٧ | ٣٩١ |

**نمونەی توێژینەوە:**

**نمونەی توێژینەوەکە بەشێوەی هەڕەمەکی چیندار، لە خوێندکارانی زانکۆی ڕاپەڕین و چەرموو وەرگیراوە کە بەشێوەیەکی گونجاو نوێنەرایەتی کۆمەڵگاکەیان دەکرد، کە پێکهاتبوون لە (50) خوێندکاری کچ و (50) خوێندکاری کوڕ لە زانکۆی ڕاپەڕین کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، هەمان ژمارە لە زانکۆی چەرموو وەرگیراوە، ئەم ژمارەیە تا ئاستێك گونجاوە بەراورد بە ژمارەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، کە ڕێژەی لە ٪10 بە گونجاو دادەنرێت بۆ ئەو کۆمەڵگانەی کە ژمارەی ئەندامەکانیان لە هەزار زیاترە. ( بۆکانی، 2016)**

**ئامرازی توێژینەوەکە:**

**توێژەران وایدەبینن فۆڕمی ڕاوەرگرتن ئامرازێکی گونجاوە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانی لێکۆڵینەوەکەی، دەبێت ئەوەش بزانین کە ئامانج لە بەکارهێنانی فۆڕمی ڕاوەرگری (استبیان) گەیشتنە بە زانیاری و ڕاوبۆچوونەکان کە ناکرێت بە ئامرازەکانی دیکە دەستمان بکەوێت، هەروەها هەل دەڕەخسێنێت بۆ کەسی وەڵامدەر کە بەئازادانە و ڕاشکاوانە وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە.**

**لەبەر ئەوەی توێژەران ئامرازێکی ئامادەکراوی دەستنەکەوت کە وەك پێویست بێت بۆ مەبەستەکانی توێژینەوەکەی و گونجاوبێت لەگەڵ کۆمەڵگە و ژینگەدا، هەستاوە بەئەنجامدانی**

**لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی(استطلاعي ) بۆ بەدەست هێنانی زانیاری سەرەتایی بۆ دروستکردنی فۆڕمی ڕاوەرگری کۆتایی بۆ ئەم مەبەستە  لە فۆڕمێکی سەرەتایدا کە (2) پرسیاری لە خۆگرتبوو ئاراستەی ژمارەیەك خوێندكار كرا، هەروەها توێژەران سوودیان وەرگرت لە ئەدەبیاتی پێشوتر و  لێکۆڵینەوەکانی پێشتر لەم بوارەدا.**

**ئەنجامی ئەم کارانەش بوو بەهۆی داڕشتنی فۆڕمی ڕاوەرگری کۆتایی کە  (30) بڕگەی لە خۆگرتبوو بەمەبەستی دڵنیابوون لە زانستی بوونی ئامرازەکە و گونجاوی بۆ کۆکردنەوەی داتاکان و زانیارییەکان، ڕاستی و نەگۆڕی بۆ  دەرهێنرا.**

**ڕاستی** : Validity

**ڕاستی ئامراز واتە توانای پێوانەکردنی ئەوەی هەبێت کە لەپێناویدا دانراوە یاخود ئەو دیاردەیەی دەمانەوێت پێوانەی بکەین (الروسان، 1999). بۆ هێنانەدی ڕاستی ئامرازەکەش، توێژەران ئامرازەکەیان بەشێوە سەرەتاییەکەی خستە بەردەستی  ژمارەیەك لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری پەروەردە و دەروونزانی و پێوانە و هەڵسەنگاندن و شێوازی وانەوتنەوە [1*] ، بۆ دەربڕینی ڕاوبۆچوون و تێبینیەکانیان لەسەر ئەوەی تاچەند بڕگەکانی بەوردی داڕێژراون و ڕوونن و شیاون بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە.**

**توێژەر پشتیبەست بە ڕێژەی ( 85٪ ) کۆدەنگی نێوان هەڵسەنگێنەران بۆ شیاوی بڕگەکان (واتە 11 لە 14 دەنگی شارەزایان) وەك نزمترین ئاست بۆ پەسەندکردنی هەر بڕگەیەك لە چوارچێوەی فۆڕمی ڕاوەرگرییەکەدا. لەم ڕووەوە  ئاماژە بەوەکراوە "کاتێك ڕێژەی کۆدەنگی پسپۆڕان ( 75٪ ) یا زیاتربێت ئەوا پەسەند دەکرێت لەلایەنی ڕاستی ڕووالەتی یەوە(الصدق الظاهري)"  (  الزوبعی، 1981).**

---

[1] **ناوی شارەزاکان بەپێی نازناوی زانستی:**

**1- د. گێلاس عبداللە اسماعیل 2-  د. عبدالصمد احمد 3-د.فرمان زاهر عبداللە 4- د. فرمان علی محمود 5- د. هەژار قادر ابڕاهیم 6-  عزت جلال حسن 7- نەوزاد علی اوڕەحمان 8-  ئارام محمد سعید 9-  سیڤان عمر اسماعیل**

دوای ئەوەی ڕاوبۆچوون و تێبینی و پێشنیاری هەڵسەنگێنەران وەرگیرا بۆ گۆڕینی هەندێك وشە و چاككردنی هەندێك بڕگە لەڕووی زمانەوانی یەوە، بەم شێوەیە فۆڕمی ڕاوەرگری كۆتایی پێكهات لە (26) بڕگە.

## نەگۆڕی : Reliability

یەكێك لە مەرجەكانی هەر ئامرازێكی زانستی پێویستە نەگۆڕبێت، مەبەست لە نەگۆڕی ئەوەیە كە هاوشێوە بوون هەبێت لە وەڵامەكاندا كاتێك دووبارە ئامرازە كە جێبەجێبكرێتەوە بەسەر هەمان كەسان و لەهەمان بارودۆخدا بەنزیكەی. (مجاور، 1977).

بۆ دەرهێنانی نەگۆڕی شێوازی دووبارە جێبەجێكردنەوەی ئامرازەكە( Test-Re-test) بەكارهێنراوە، بەم شێوەیە ئامرازەكە جێبەجێكرا بەسەر نموونەیەكدا كەپێكهاتبوو لە ( 26) خوێندكار لە دەرەوەی سنووری نمونەی توێژینەوەكە بوون، جیاوازی كات لە نێوان جێبەجێكردنی یەكەمی ئامرازەكەو دووبارە جێبەجێكردنەوەی بۆ جاری دووەم دووهەفتە بوو، ( هاوكێشەی پێرسۆن) (Pearson- r) ی بەكارهێناوە لەبەر ئەوەی دادەنرێت بەبڵاوترین ئامرازێك لەم بوارەدا. بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان تێكڕای نمرەكانی جێبەجێكردنی یەكەم و نمرەكانی جێبەجێكردنی دووەم جاردا، هاوكۆلكەی نەگۆڕی بەم شێوەیە (0.87). بوو ئەم ڕێژەیە بە باش و گونجاو دادەنرێت واتا ئامرازەكە بەزانستییانە دادەنرێت و دەتوانرێت بەكاربهێنرێت بۆ كۆكردنەوەی داتا و زانیارییەكانی توێژینەوەكە.

**ڕاستاندنی پێوەرەكە:** ڕاستكردنەوەی پێوەر:- جێگرەوەكانی پێوەری ئەم توێژینەوەیە پێكهاتوەلە (لەگەڵیدام، تاڕادەیەك، لەگەڵیدانیم) كە واتا ڕاستكردنەوە بۆ كۆكردنەوە نمونەكانی ئەم پێوەرە جێگرەوەی لەگەڵیدام ژمارە (3) پێ دەدرێت وە تاڕادەیەك (2)ی پێ دەدرێت و لەگەڵیدانیم ژمارە (1) پێدەدرێت

### ئامرازەكانی ئاماركردن :

ئەم ئامرازانەی ئاماركردن بەكارهێنراوە لەتوێژینەوەكەدا .

أ- هاوكێشەی پێرسۆن ( Pearson correlation coefficient) بۆ دەرهێنانی ڕێژەی نەگۆڕی ئامرازەكە

ب-تاقیكرنەوەی تائی ( t.test) بۆ دوو گروپ

**ئەنجامەكانی توێژینەوەكە و ڕاڤەكردنی:**

ئامانجی یەكەمی توێژینەوەكە: بریتییە لە (زانینی ئاستی بوونی دیاردەی دەمارگیری ناوچەیی لای خوێندكارانی زانكۆ)، لەئەنجامی توێژینەوەكەوە دەركەوت كە ناوەندی ژمێرەیی وەڵامی خوێندكاران یەكسانە بە (53.6) پاش بەراوردكردنی بەناوەندی گریمانەی پێوەرە سێ ڕەهەندییەكە یەكسانە بە (52) دەركەوت كەناوەندی ژمێرەیی گەورەترە لەناوەندی گریمانەیی، پاشان (تا) ی هەژماركراو بۆ یەك سامپڵ یەكسانە بە (5.81) بەراوردمان كرد بەتای خشتەیی كە یەكسانە بە (1.6)، بەنمرەی ئازادی (199) لە ئاستی (0.05)، بەهەمان شێوە دەردەكەوێت كە تایی هەژماركراو گەورەترە لە تایی خشتەیی، ئەمەش مانای وایە دەمارگیری ناوچەی لەلای بەشداربوانی توێژینەوەكە بوونی هەیە و مانادارە، وەك لەخشتەیی (3)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (3) ناوەندی ژمێری و بەهایی تایی هەژماركراو بۆ پێوانەی دەمارگیری ناوچەیی**

| ژ. نمونە | ناوەندی ژمێری | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوانەیی | ت ژمێردراو | ت خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی دەلالەت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 200 | 53.6 | 52 | 6.4 | 5.81 | 1.160 | 199 | 0.05 |

**ئامانجی دووەمی توێژینەوەكە:**

زانینی جیاوازی ئاماری لە ئاستی دەمارگیری ناوچەیی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (كوڕان و كچان) لەئەنجامی توێژینەوەكەوە دەركەوت كە ناوەندی ژمێرەی وەڵامی خوێندكاران بە پێی ڕەگەز كوڕان یەكسانە بە(53.8) و كچان یەكسانە بە (52.7)، پاش بەراوردكردنی بەناوەندی گریمانەی پێوەرە سێ ڕەهەندییەكە یەكسانە بە (52)، دەركەوێت كە ناوەندی ژمێرەیی هەردوو ڕەگەز گەورەترە لەناوەندی گریمانەیی، پاشان تای هەژماركراو بۆ دوو سامپڵ یەكسانە بە (1.0) بەراوردمان كرد بەتای خشتەیی كە یەكسانەبە (1.6)، بەنمرەی ئازادی (98) لەئاستی (0.05)، دەردەكەوێت كە تایی هەژماركراو بچووكترە لە تایی خشتەیی، ئەمەش مانای وایە جیاوازی ئاماری واتادار بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز بوونی نیە، وەك لەخشتەیی (4)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (4) ناوەندی ژمێری و بەهایی تایی هەژمارکراو بۆ پێوانەی دامارگیری ناوچەیی بە پێی گۆڕاوی جیاوازی ڕەگەز**

| ژ. نمونە | ڕەگەز | ناوەندی ژمێری | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوانەیی | ت ژمێردراو | ت خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی دەلالەت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 100 | کچان | 52.7 | 52 | 5.81 | 1.0 | 1.160 | 198 | 0.05 |
| 100 | کوڕان | 53.8 | | 5.53 | | | | |

**ئامانجی سێیەمی توێژینەوەکە:**

**زانینی جیاوازی ئاماری لە ئاستی دەمارگیری ناوچەیی بە پێی گۆڕاوی زانکۆ (ڕاپەڕین و چەرموو) لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت کە ناوەندی ژمێرەی وەڵامی خوێندکاران بە پێی زانکۆ ڕاپەڕین یەکسانە بە (52.9) و زانکۆی چەرموو یەکسانە بە (53.2)، پاش بەراوردکردنی بەناوەندی گریمانەی پێوەرە سیٚ ڕەهەندییەکە یەکسانە بە (52)، دەرکەوێت کە ناوەندی ژمێرەیی خوێندکارانی هەردوو زانکۆ گەورەترە لەناوەندی گریمانەیی، پاشان تای هەژمارکراو بۆ دوو سامپڵ یەکسانە بە (0. 1) بەراوردمان کرد بەتای خشتەیی کە یەکسانەبە (1.6)، بەنمرەی ئازادی (98) لەئاستی (05، 0)، دەردەکەوێت کە تایی هەژمارکراو بچووکترە لە تایی خشتەیی، ئەمەش مانای وایە جیاوازی ئاماری واتادار بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز بوونی نیە، وەك لەخشتەیی (4)دا خراوەتەڕوو.**

**خشتەی (4) ناوەندی ژمێری و بەهایی تایی هەژمارکراو بۆ پێوانەی دامارگیری ناوچەیی بە پێی گۆڕاوی جیاوازی زانکۆ**

| ژ. نمونە | زانکۆ | ناوەندی ژمێری | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوانەیی | ت ژمێردراو | ت خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی دەلالەت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 100 | ڕاپەڕین | 52.9 | 52 | 6.11 | 0.1 | 1.6 | 98 | 0،05 |
| 100 | چەرموو | 53.2 | | 5.01 | | | | |

**دووەم: شیکردنەوەی ئەنجامەکان**

**سەبارەت بە ئامانجی یەکەم و دەرکەوتنی جیاوازی ئاماری واتادار و بوونی دامارگیریی ناوچەی لای خوێندکارانی زانکۆی ڕاپەڕین و چەرموو، بە بۆچوونی توێژەران دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئەو ژینگەیەی خوێندکاری تێدا پەروەردە بووە، بەجۆرێك کۆمەڵگەی کوردی لە هەرێمی کوردستان لە نێویشیاندا دانیشتوانی دەڤەری ڕاپەڕین بەچەندین نەهامەتی سیاسی و ئابووری جۆربەجۆردا تێپەڕیون، ئەمە سەرەڕای بوونی نادادپەروەری کۆمەلایەتی.**

**دەشێت هۆکارێکی دیکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم چینە بە جۆرێك هەست بە دڵنیایی ناکات لە ژیانی داهاتووی، بە وەی هەلی کاری نەبێت، بۆیە هەست دەکات ژیانێکی پڕ خەم ناخۆشی دەبێت، ئەمە سەرەڕای سروشتی سەردەم دنیای مۆدێرن و تەکنەلۆژیا دەشێت هۆکاری ئەم دەمارگیریە بێت. ئەم ئەنجامە هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەکانی (الشمری، 2009) (البرکات، 2010) (الجمعان، 2018) دەرچووە.**

**سەبارەت بەئامانجی دووەم: نەبوونی جیاوازی ئاماری واتادار دەمارگیری ناوچەیی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (کوڕان و کچان)، بەبۆچوونی توێژەران دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئەو ژیانەی کە پێدا تێپەڕبوون تەنها یەك ڕەگەزی نەگرتۆتەوە، هەروەها شێوازی بیرکردنەوەیان و شێوازی مامەڵەکردنیان کێشە و پێداویستیەکانیان بەجۆرێك لە یەکەوە نزیکە، وە پرۆسەی پەروەردە بونیان هەر لە خێزان و قوتابخانە، زانکۆ، باری ئابووری... هەمان شێوازە. ئەم ئەنجامە هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەی (الکبیسی و موسی، 2018) دەرچووە.**

**سەبارەت بەئامانجی سێیەم: نەبوونی جیاوازی ئاماری واتادار دەمارگیری ناوچەیی بە پێی گۆڕاوی جیاوازی زانکۆ، بەبۆچوونی توێژەران دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئەو ژیان و باری گوزەرانی خوێندکاران کە پێدا تێپەڕبوون زۆرنزیکە لەیەکەوە، هەموو ئەو هۆکار و فاکتەرانەی کە دەبنە هۆی دروستبونی ئەم دیاردەیە لای خوێندکارانی هەردوو زانکۆکە بونی هەیە، ئەمە سەرباری ئەوەی تایبەتمەندی دەرونی و ژیری کۆمەلایەتیان بەنزیکەیی وەك یەکە.**

**پێشنیارەکان:**

**1- ئەنجامدانی خول و سمینار بەردەوامی بۆ کەمکردنەوەی هەستی دەمارگیری بەگشتی لای کۆمەڵگا وبەتایبەتی لای تاکەکانی.**

**2- دانانی چەند پسپۆڕێکی شارەزا لەبواری دەرونزانی بۆ چاودێری ئەو کەسانەی کە دەمارگیرن و روونکردنەوەی زیاتریان بۆ بکرێت.**

**3- پێویستە لە بەرنامە و پرۆگرامی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاربکرێت بۆ دانانی بەرنامەیەکی تایبەت بۆ هۆشیار کردنەوەی تاکەکان لەسەر ئاسەوارە خراپەکانی دیاردەی دەمارگیری.**

**4- پێوستە ناوەندە ئاینیەکان ڕۆڵی ئەرێنی باشتریان هەبێت لە هۆشیار کردنەوەی تاکەکانی لە ڕێگەی گوتاری ئاینیەوە لە کەمکردنەوەی ئاستی دەمارگیری لای تاکەکانی کۆمەڵگا.**

**5- پێوستە لە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان کاربکات بۆ دانانی پرۆگرامێکی گونجاو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی تاکەکان.**

**ڕاسپاردەکان:**

**1- توێژینەوەیەکی تر ئەنجام بدرێت سەبارەت بە دیاردەی دەمارگیری لای خوێندکارانی ئامادەیی.**

**2- ئەنجامدانی توێژینەوە لە سەر کاریگەری دیاردەی دەمارگیری لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان.**

**3- ئەنجامدانی توێژینەوە لە سەر ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە دروست بوونی دیاردە دەمارگیری لای تاکەکان.**

**سەرچاوەکان: کوردی:**


1- **بۆکانی، سابیر**، (2011)، **میتۆدی زانستی توێژینەوە، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی.**

2- **عزیز، عزالدین احمد،**( 2014)، **بنەماکانی دەرونزانی گشتی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.**

3- ئالووسی، تەیسیر عەبدولجەبار (٢٠١٥)، دەمارگیری و کینە میکانیزم و کاریگەرییە نەرێنییەکانیان و چۆنێتیی بەرەنگاربوونەوە، بەرواری دابەزاندن: 2015/02/19 www.gulanmedia.com/so/story/201535/1621546205-1736

4- **روشدی، عارف**، (2015)، **دەمارگیری، لینکی گوتارەکە** http://hekar.net/ku-/surani/babet/40878


**عەرەبی:**


1- **ابو الغالي، عطاف**، (1999)، **العلاقة بين الاتجاهات التعصبية و اساليب المعاملة الوالدين كما يدركها الابناء لدى الطلبة الجامعة**، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الازهر، القاهرة.

2- **الأشول** ، عادل عز الدين، ( 1985)، **علم النفس الاجتماعي** ، الانجلو المصرية ، القاهرة.

3- **البركات، زياد**، (2010)، **التعصب الحزبي لدي الشباب في بعض الجامعات**، ورقة بحث علمية مقدمة لمؤتمر العدالة الاجتماعية، فلسطين.

4- **الجمعان، سناء عبد الزهرة**، (2018) ، **التعصب لدي الطلبة الجامعة و علاقته بأنماط التنشئة الأسرية**، مجلة الابحاث البصرة للعلوم، المجلد 43، الصفحات 22–59، جامعة البصرة.

5- **الخفاجي، حكمت عبيد و الموسوي، فرات ناظم** (2019)، **اثر النص القراني في معالجة التعصب الفكري**، مجلة كلية الامام الكاظم للعلوم الاسلامية، المجلد 3، العدد 2، بغداد.

6- **الدمغي، عادل**، (2005)، **التعصب، اسبابه، مظاهرة، نتائجه، البعد الشرعي، مطبعة الانجلو المصري، القاهرة.**

7- **ديراينة، عبير**، (2003)، **ظاهرة التعصب و مظاهرها لدى طلاب جامعة الاردنية و علاقتها بالعوامل الاجتماعية و الاقتصادية والاكاديمية**، اطروحة دكتورا غير منشورة، الجامعة الاردنية.

8- **ديلويي، هيوا حاجي**، (2008)، **الاتجاهات التعصبية بين الجماعات العرقية**، الطبعة الاولى، مطبعة خاني، دهوك.

9- الروسان, فاروق، (1999)، **اساليب القياس والتشخيص في التربية الخاصة**, دار الفكر للطباعة، ط1، عمان.

10- الزوبعي، عبدالجليل ابراهيم ومحمد احمد غنام، (1981)، **مناهج البحث في التربية**، الجزء الأول، بغداد.

11- سرمك، حسن و رؤوف، محمد، ( 1998)، **قياس التعصب لدى عينة من الطلاب الجامعة**، مجلة علم النفس، عدد 12، القاهرة

12- سلامة، احمد و عبدالغفار، عبد السلام، ( 1994)، علم النفس الاجتماعي، دار النهضة، القاهرة.

13- الشمري، نجاة و نوال الطيار، (2009)، التعصب و علاقته بالعداءية لدي طلبة الجامعة، مجلة أداب المستنصرية، الاصدار 54، الصفحات 1–36، الجامعة المستنصرية.

14- عباس، عدنان محمود، (2013)، التعصب لدي المراهقين دراسة مقارنة، مجلة ديالى للبحوث الانسانية، عدد 58، جامعة ديالى.

15- عبدالله، معتز سيد، (1989)، الاتجاهات التعصبية ، سلسلة عالم المعرفة للطباعة والنشر التوزيع، الكويت.

16- عفيفي، أسماء (2002)، التعصب وعلاقته بالحاجة لتحقيق الذات لدى طلبة الجامعة، مجلة الارشاد النفسي، العدد 15، سنة الاولى. جامعة عين شمس.

17- علال، خالد كبير، (2008)، التعصب الذهبي فيالتاريخ الاسلام، دار المحتسب، عمان.

18- غيث، عاطف، (1988)، قاموس علم الاجتماع، دار المعرفة الجامعة، الاسكندرية.

19- الكبيسي، عبدالكريم و موسى، ايلاف، (2018)، قياس مستوى التعصب، مجلة جامعة الانبار للعلوم الانسانية، عدد 4، مج 2 تشرين الاول، مؤتمر جامعة الانبار الدولي الاول.

20- مجاور, محمد صلاح الين علي وفتحي عبد المقصود الديب (1977): المناهج المدرسي: أسسه وتطبيقاته التربوية، دار القلم ، ط4 ، كويت.

21- المعايطة، خليل عبدالرحمن، (2010)، علم النفس الاجتماعي، دار الفكر، عمان.

22- الجبوري، غيلان، (2015)، الاتجاهات التعصبية في المجتمع العراقي، *ورقة معدة ضمن مشاركة المنتدى الاجتماعي العراقي، ربط الورقة* *https://ar.iraqicivilsociety.org/?p=2125*

# پاشکۆی 1

**زانکۆیی چەرموو**

**کۆلێژی پەروەردەی و زمان**

**بەشی پەروەردەیی تایبەت**

## فۆڕمی ڕاوەرگرتن

خوێندكاری بەڕێز:

سڵاوی زانست:

توێژەران دەیانەوێت لە ژێر ناونیشانی (دەمارگیریی ناوچەی لای خوێندكارانی زانكۆ ) توێژینەوەیەكی زانستی ئەنجام بدەن. بۆ گەشتن بە ئامانجەكانی توێژینەوەكە پێویستمان بە هاوكاری زانستی بەڕێزتان هەیە بە خوێندنەوەو وەڵامدانەوەی بڕگەكانی ئەم ڕاپرسیە بە دانانی نیشانەی ($\sqrt{}$)لە بەرامبەر ئەو ئاستەی كە پەسەندی دەكەیت.

هاوكاریتان جێگەی ڕێز و سوپاسە

پێناسەی دەمارگیری ناوچەیی: **بریتیە لە بارێكی سایكۆلۆژی كە ڕەفتار و هەڵوسوكەوتی خوێندكار ئاراستە دەكات بە لایەنگیری كردنی ئەندامانی خێلەكەی و خەڵكی ناوچەكەی خۆی، هەروەها بە شێوەیەكی نا ئەقلآنی هەڵسوكەوت دەكەن و بڕیاری پێشوەختە دەدەن لەسەر دیاردەو شتەكان بە هەست وسۆز یا قسەكردن یا كردەوە، بە لەگەڵ بوون یا دژوەستان، لەسەر بنەمایی ناوچەگەری.**

## توێژەران

**ڕەگەز : مێ ☐ نێر ☐**

| ژ | بڕگەکان | لەگەڵیدام | تاڕادایەک | لەگەڵیدانیم |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| 1. | هەست دەکەم جیاکاری ناوچەی شتێکی سروشتیە. | | | |
| 2. | لە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکی ناوچەکەم، هەست بەمتمانەیەکی زۆرئەکەم< | | | |
| 3. | زۆر شانازی بەناوچەکەمەوە دەکەم. | | | |
| 4. | هەست دەکەم لەناوچەکەی خۆمدا دڵخۆشم. | | | |
| 5. | واباشترە هاوسەرگیری لەگەڵ خەڵکی ناوچەکەی خۆت بکەی. | | | |
| 6. | لەمامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی ناوچەکانی ترگومانم بۆ دروست دەبێت | | | |
| 7. | بەبەردەوامی ئامادەم پاڵپشتی خەڵکی دەڤەرەکەم بکەم | | | |
| 8. | شانازیە کە دایک و باوکم خەڵکی ئەم ناوچەیەن. | | | |
| 9. | زیاتر بڕوا بەوهاوڕێیانەم دەکەم کەخەڵکی ناوچەکەمن | | | |
| 10. | بەهۆی ناوچەکەمەوە زیاتر هەست بەشوناسی خۆم دەکەم | | | |
| 11. | ناتوانم تێڕوانینم بەرامبەر خەڵکی ناوچەکانی دیکە بگۆڕم. | | | |
| 12. | هەست دەکەم خەڵکی ناوچەکەم بەهادارترن لە ناوچەکانی دیکە | | | |
| 13. | بڕوام وایە خەڵکی ناوچەکانی دیکە فرتوفێڵم لێدەکەن. | | | |
| 14. | دەنگە دەنگ و شەڕەقسە دەکەم لەباسکردنی بنەچەو ناوچەکەدا. | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 15. | پێگەی کۆمەڵایەتیم بەندە بەناوچەکەمەوە. | | | |
| 16. | پەیوەستم بەهەموو داب ونەریتەکانی ناوچەکەم. | | | |
| 17. | هەست بە نائارامی دەکەم کەدەچمە ناوچەکانی تر. | | | |
| 18. | ڕێزلە کەسایەتیە سودبەخشەکانی کۆمەڵگە دەگرم بەبێ لەبەرچاوگرتنی ناوچەکەی. | | | |
| 19. | لەمامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکی ناوچەکانی تر خۆم دەپارێزم. | | | |
| 20. | هەست دەکەم دەست گرتنم بەناوچەکەم ئارامی زیاترم پێدەبەخشێت. | | | |
| 21. | توشی هەڵچون دەبم کەبەخراپ باسی ناوچەکەم دەکەن | | | |
| 22. | هەست بەپەشیمانی دەکەم لەدوای هەرهەڵوێستێکی دەمارگیری بەرامبەر ناوچەکانی تر. | | | |
| 23. | بەبێ دوودڵی هەست بەقبوڵکردنی کەسانی ناوچەکانی دیکە دەکەم | | | |
| 24. | لەناوهاوڕێکانی ناوچەکەی خۆم، هەست بەبەهێزی دەکەم | | | |
| 25. | حەزدەکەم شوێنی نیشتەجێبونم نزیک خەڵکی ناوچەکەم بێت | | | |
| 26. | حەزدەکەم هەموو تەمەنم لەناوچەکەی خۆمدا بەسەربەرم | | | |